# ژمارەی دەستدرێژیکردنە سەر پیاوان لەلایەن ژنانەوە لە عێراقدا بەرزبووە

بەغدای پایتەختی عێراق پێشەوای پارێزگاکانی عێراق دەکات لەووی حاڵەتەکانی تووندوتیژی لەلایەن ئافرەتانەوە دژ بە پیاوان، لەکاتێکدا ژمارەی دەستدرێژیکردنە سەر پیاوان لەلایەن ژنانەوە لە عێراقدا گەیشتە نزیکەی 17%.

عەدنان حەمود، بەڕێوەبەری پاراستنی خێزان و منداڵان لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە میدیاکانی ڕاگەیاند، "حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنە سەر پیاوان لە عێراق 17ـی هەموو حاڵەتەکانی تووندوتیژی خێزانی پێکدەهێنن، کە زۆربەیان لە بەغدای پایتەختە".

بەڕێوەبەری پاراستنی خێزان و منداڵان لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕوونیکردەوە کە "حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان دەگاتە 55%، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان دەگرێتەوە"، بەبێ ئاماژەدان بە ژمارەی حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان.